تاڵەبانی ستایشی هەوڵەکانی دەسەڵاتی دادوەری کرد لە دەستبەرکردنی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان



ئەمڕۆ شەممە ، بافڵ جەلال تاڵەبانی سەرکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە هەوڵەکانی دەسەڵاتی دادوەری لە دەستبەرکردنی سەرکەوتنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دەربڕی.

ئەنوسینگەی هاگیەندنی سەرکی یەکێتی بۆ ویکردەوە بافڵ جەلال تاڵەبانی سەرکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری بەغداد لەگەڵ فایق زێدان، سەرکی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عیراق لە بەغداد کۆبوونەوە.

لەو کۆبوونەوەدا کە نزار ئامێدی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و د. خالید شوانی، وەزیری دادی عیراق بەشداربوون جەخت لە هەماهەنگی و هاریکاریی بەردەوامی نێوان لایەنە سیاسییەکان کرایەوە بۆ پڕڵەکردن لە پکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانیی خزمەتگوزار کە وەڵامدەرەوەی پێرەشی خەڵک و پێویستییەکانیان بێت.

هەر لە کەبوونەوەکەدا جەخت لە پاراستنی مافە دەستووری و یاساییەکان کرایەوە، بەشوێیەک ببێتە مایەی سەقامگیریی زیاتر لە وڵاتدا.

لە بەشکی دیکەی کەبوونەوەکەدا بافڵ جەلال تاڵەبانی دەستخۆشی و پێزانینی بۆ هەوڵەکانی دەستاتی دادوەری لە دەستبەرکردنی سەرکەوتنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەربڕی و رایگەیاند، "هەوڵەکانی یەکێتی لە چوارچێوەی یەکخستنی لایەنەکان و یەکێیزی نیشتمانیدا دەبێت و کاردەکەین بۆ زیاتر خزمەتکردنی خەڵکە خۆشویستەکەمان".